www.kurdistannet.org

**تکایه هەر لایەن و ڕێکخراوێک ئامادەی پشتیوانی و ئیمزا کردنی ئەم یاداشتەی هەیە بە یەکێک لەم ئیمەیلانە وەلامانداتەوە ، تا ناویان بخەینە سەر یاداشتەکە :-**

darsem@mail1.stofanet.dk
halabja@ofir.dk
nawzad@worldonlin.dk
taleb@mbox301.get2net.dk

## کۆمیتەی بە گڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگاییی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی

**بۆ \ وەزارەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا**

**بابەت\ یاداشت**

بەڕێزان ئێمە سەبارەت بە تاوانبارێتی فەریق ڕوکن نەزار خەزرەجی ، کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ڕژێمی عێراق بوو ، لەو سەردەمەی شاڵاوی ئەنفال و کیمیابارانی ناوچە کوردییەکان ئەنجام درا دژی خەڵکی مەدەنی و بێ دیفاعی کوردستان و لە ئەنجامدا 182 هەزار هاوڵاتی کورد کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پیر بوون بە کۆمەڵ کوژران ، یان بێ سەر شوێن کران و تەنانەت تا هەنوکەش چارەنوسیان دیار نییە ، ئێستا زانیاری و بەڵگەنامە و کاسێتی ڤیدیۆ و چەندین شاهێد کە لەو سەردەمانەدا لە ڕیزی سوپای عێراقدا و بوون و ئێستا لە ئەوروپا و وڵاتانی تردان نەزار خەزرجییان لە کاتی قڕکردن و پەلاماداری ئەنفالدا بە چاوی خۆیان بینیوە و شاهێدی لە سەر تاوانەکانی دەدەن ، ئەوەی لە بەردەستماندایە دەیسەلمێنێت و ڕونی دەکاتەوە کە نەزار خەزرەجی تاوانبارە و ڕوڵی گەورە و بەرچاوی هەبوە لە نەخشە کێشان و جێ بە جێ کردنی ئۆپراسیۆنی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان و ، وێنەمان لێ داوەتە دەزگا پەیوەندارەکانی وڵاتی دانمارک کە ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن سەبارەت بە بەشداری کردنی (نەزار خەزرەجی) لەو کۆمەڵ کوژییانەی ئەنجامی دراوە بەرانبەر گەلی کورد ، جگە لەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (میدڵ ئێست وۆچ) لە بڵاوکراوەکانی خۆیدا سەبارەت بە جینۆسایدی لە عێراق و شاڵاوی ئەنفال دژی گەلی کورد باسی بەشداری کردنی نەزار خەزرەجی کردووە ، کە ڕۆڵی دیاری هەبووە بەرانبەر بە جینۆسایدی گەلی کورد .

www.kurdistannet.org

بۆیە داواکارین لە ڕوانگەی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و خودی ئەو دروشمانەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرزی کردۆتەوە و بانگەشی بۆ دەکات تا لە سەرتاسەری جیهان سەقامگیر بێت و پیادە بکرێت ، کە خۆی لە(ئاشتی ، مافی مرۆڤ ، مافی بڕیاردانی چارەنوس ، دیموکراسی ، کۆتایی هێنان بە ڕژێمە دیکتاتۆریەکان و هتد) دەبینێتەوە ، پشتیوانی و هاوکاری هەوڵ و داوا ڕەواکانمان بکەن سەبارەت بە دادگایی کردن و بە سزا گەیاندنی ئەو تاوانبارانەی بەشداری و ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە ئەنجام دانی تاوانەکانی کیمیابارانی کوردستان و ئۆپراسیۆنی ئەنفال دژی گەلی کورد ، تا بە هۆی دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانە چارەنوسی ئەنفال کراوەکانی بۆ گەلی کورد و ڕای گشتی جیهان ئاشکرا بێت .

پێمان وایە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا ئێستا لە هەمو کات زیاتر پەرۆش و سەرقاڵی کۆتایی هێنانە بە مەینەتیێکانی خەڵکی عێراق ئەویش ، بە گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن لە عێراقدا و دامەزراندنی ئیدارەیەک کە بتوانێت دیموکراسی و ئازادی بۆ گەلانی عێراق مسۆگەر بکات و لەسایەیدا مافی مرۆڤ و مافی کەمینە نەتەوەییەکانی تر پارێزراوبێت ، هەڵبەت ئەوەش بە کەسێکی وەک ئەزار خەزرەجی نایەتە دی ، گۆش کراو و پەروەردەی ژێر دەستی دیکتاتۆری وەک سەدام حوسێن بێت و ، دەستی لە تاوان و کۆمەڵ کوژی گەلی کورد بە تایبەت و خەڵکی باشوری عێراق بە گشتی دا هەبێت .

ئیتر هیواو ئومێدمان پێتان گەورەیە و داواکارین لە سەرنج و ڕای خۆتان ئاگادارمان کەنەوە

وێنەیەک لەم یاداشتە بۆ :-

- پەرلەمانی دانمارک
- وەزارەتی دەرەوەی دانمارک
- سەفارەتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دانمارک

www.kurdistannet.org

ناوی ئەو ڕێکخراوانەی پشتگیری لەم یاداشتە دەکەن :-

1. حزبی شوعی کوردستان- عێراق .
2. کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK .
3. کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNC .
4. حزبی زەحمەت کێشانی کوردستان- لقی ئەوروپا .
5. پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان .
6. پارتی ڕزگاری کوردستان PRK .
7. پارتی نەتەوەیی کورد (PANKURD) .
8. پارتی نەتەوەی کوردستان .
9. پارتی سۆسیالیستی کورد ( پاسۆک) .
10. یەکێتی کورد لە سوریا .
11. پارتی سەربەخۆی کوردستان .
12. ڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان .
13. بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستان .
14. ماڵە پەڕی هەڵەبجە .
15. سایتی کوردستان نێت .
16. ناوەندی ڕۆشنبیری کورد لە فیلەندا .
17. فیدراسیۆنی ڕێکخراوە کوردییەکانی دژ بە پاکتاوکردنی نەژادی.
18. کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال .
19. ناوەندی ڕۆشنبیری کورد- لە ئوسترالیا .